# بنیاتی مۆسیقا و ڕەوانبێژی
# لە چامەی (سووڕی دەوران)ی
# (هێمن موکریانی)دا

**م.ی. کەژاڵ عەبدولقادر عوسمان**
بەشی بەروبوومی کێڵگەیی و ڕووەکە پزیشکییەکان _ کۆلێژی زانستە ئەندازیارییە
کشتوکاڵییەکان _ زانکۆی سەلاحەددین /هەولێر
Kazhal.othman@su.edu.krd

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (بنیاتی مۆسیقا و ڕەوانبێژی لە چامەی (سووڕی دەوران ) ی (هێمن موکریانی )یە ، توێژینەوەیەکی (وەسفی –شیکاری)یە ، کە تیایدا لایەنە پێکهێنەرەکانی مۆسیقای شیعریمان دیراسە کردووە ، هەروەها دەرخستنی ئەوەی ، کە تا چ ئاستێك هێمن لەم چامەیەدا سوودی لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی وەرگرتووە ، بۆ گەیاندنی پەیامەکەی بەو شێوە جوانەی کە هەیەتی ، وە لە ئەنجامی دیراسەکردن و شیکردنەوەی دەقە شیعرییەکانی ئەم چامەیە گەیشتین بەو ئەنجامەی ، کە هێمن توانایەکی زۆر و، هەروەها سەلیقەیەکی جوان و دەست ڕەنگینی لە بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی وەك ( جوانکاری ، ڕوونبێژی ، واتاناسی)دا هەیە ، وە بەم هونەرانە واتایەکی قووڵ و جوانی و ئیستاتیکای بە دەقە شیعرییەکانی بەخشیوە ، کە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی شیعرەکە بەهێز و دڵڕفێن بێت.

**وشە سەرەکییەکان** : ڕەوانبێژی ، ڕوونبێژی ، سەروا ، لێکچوواندن ، مۆسیقا پێشەکی

شیعر لە ئەنجامی خەیاڵ و سۆز و هزری نووسەرەوە دروست دەبێت ، بنیادی شیعریش لە چەند ڕەگەزێك پێکدێت وەك ( مۆسیقای شیعر و زمانی شیعر و هونەری شیعر) ، کە بە هەموویان دەقەکە پێکدێنن . ئەوەی پەیوەستە بە سنووری توێژینەوەکەمان مۆسیقا و ڕەوانبێژییە ، کە بەشدارن لە پێکهاتنی بنیادی دەق ، بەکارهێنانی ئەم هونەرانەش هەروا ئاسان نییە ، بەڵکو پێویستی بە شارەزایی و لێهاتوویەکی باش هەیە . دیارە هێمنیش یەکێکە لەو شاعیرانەی دەستێکی باڵای لە دروستکردنی ئەم هونەرانەدا هەیە ، ئەوەی شیعری هێمنی خوێندبێتەوە دەزانێت کە هێمن خاوەنی خەیاڵێکی بەرز و هزرێکی قووڵە ، هەروەها توانایەکی بەهێزی لە بەکارهێنانی مۆسیقای شیعری و هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا هەیە ، کە چۆن لێوانلێون لە جوانی.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:** ڕێبازی (وەسفی - شیکاری )یە ، کە بە هۆی ئەم ڕێبازەوە لایەنە پێکهێنەرەکانی مۆسیقا و ڕەوانبێژی لەم چامەیەدا ڕاڤە کراوە.

**گرینگی توێژینەوەکە:** دەرخستنی لایەنە پێکهێنەرەکانی مۆسیقای شیعری و هونەرەکانی ڕەوانبێژی چامەی سووڕی دەوران ، کە تاکو ئێستا هیچ توێژینەوەیەکی ئەکادیمی و تایبەت لەسەر ئەم چامەیە (سووڕی دەوران ) بەو شێوەیە نەکراوە .

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە** لە سێ بەش پێکهاتووە ، بەشی یەکەم تیۆرییە ، کە تیایدا باس لە چەمکی هەریەك لە (بنیاد – مۆسیقای ناوەوە - مۆسیقای دەرەوە ) کراوە ، هەروەها کورتەیەك لە باسکردنی چامەی سووڕی دەوران دەگرێتە خۆ. بەشی دووەم لە ژێر ناونیشانی (مۆسیقای سووڕی دەوران)دایە و سێ تەوەر لە خۆ دەگرێت وەك ( مۆسیقای ناوەوەی سووڕی دەوران ، مۆسیقای دەرەوەی سووڕی دەوران، گرنگی مۆسیقا لە سووڕی دەوران ) کە تیایدا بە میتۆدی شیکاری لێکدانەوە بۆ هەندێ لەو دەقە شیعرییانە کراوە ، کە هێمن لەم چامەیەدا بەکاری هێناون بە تایبەتیش هونەرەکانی مۆسیقای دەرەوە و ناوەوە وەك ( کێش - سەروا – ڕەگەزدۆزی – هێنانەوە- گێڕانەوە - دووبارەکردنەوە - گەڕانەوە - تێکهەڵکێش) . بەشی سێیەم لە ژێر ناونیشانی (هەندێ لایەنی ڕەوانبێژی لە چامەی سووڕی دەوران)دایە و لە سێ

تەوەر پێکهاتووە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتە خۆ ( هونەرەکانی جوانکاری – هونەرەکانی ڕوونبێژی – هونەرەکانی واتاناسی ) ، تیایدا لێکدانەوە بۆ هەندێ لەو دەقە شیعرییانە کراوە ، کە ئەم هونەرانەی سەرەوەیان تێدا بەکارهاتوون. لە کۆتاییدا گرینگترین ئەو ئەنجامانە خراونەتە ڕوو ، کە لەم توێژینەوەیەدا پێی گەیشتووین ، لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی لە کاتی نووسینی ئەم توێژینەوەدا سوودمان لێ بینیون.

## بەشی یەکەم : هەندێ چەمکی پێویست

### ١-١ لە بارەی بنیاتەوە

چەمکی بنیاد لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا بەرامبەر بە زاراوەی (Stuere) ی لاتینییەوە هاتووە ، کە لە سەرەتادا لە بواری ئەدەبیدا بەکارنەهاتووە ، بەڵکو لە بواری بیناسازیدا بەکارهاتووە " بەپێی فەرهەنگی ئەوڕوپی هونەری تەلارسازی لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەوە ئەم وشەیەی بەکارهێناوە ، واتە بنیاد ڕەنگدانەوەی کۆمەڵێك پەیوەندییە لە نێوان ڕەگەزە جیاوازەکاندا و بە یەکگرتنیان بنیاد پێکدێت و پێکهاتەی تایبەتی خۆی هەیە ، بەگشتی پێی دەوترێت سیستەم" (محمد، ٢٠٠٨، ١٣) . کەواتە بنیاد بریتییە لە سیستەمێك، کە لە چەند ڕەگەزێك پێکدێت ئەو ڕەگەزانەش تەواوکەری یەکترن و بە لابردنی یەکێك لە ڕەگەزەکان ، دەقەکە لەنگ دەبێت و بەهاکەی لە دەست دەدات.

### ١-٢ لە بارەی مۆسیقای شیعرییەوە

#### أ- مۆسیقای ناوەوە

مۆسیقای ناوەوە بە هۆی هونەرەکانی جوانکاری وشەییەوە دروست دەبێت، کە سیمایەکی جوان و ڕازاوەی لە پێکهێنانی شیعردا بەدی دەکرێت. مۆسیقای ناوەوە بریتییە لە " مۆسیقایەکی شاراوە و نادیار ، لە ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەو وشانە پەیدا

دەبێت ، کە شاعیر بەکاریان دێنێت لە داڕشتنی دەقەکە ، و ئەو ڕێکەوتن و گونجانەی لە نێوان پیت و وشە هەڵبژێردراوەکاندا هەیە ، کەواتە مۆسیقای ناوەوە لە ئەنجامی چنینی دەق ئەدەبی هەڵدەقوڵێ." (ئەحمەد، ٢٠١٤، ٩١) . چۆنیەتی دروستبوون و پێکهاتنی مۆسیقای ناوەوە لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر دەگۆڕێت ، چونکە هەر شاعیرە و شێوازێکی تایبەت بە خۆی هەیە لە چۆنیەتی ڕیزبوونی وشەکان ، کە ئەویش پەیوەستە بە هەست و سۆزی شاعیرەوە . "باری دەروونی شاعیر و خرۆشانی هەستی ناوەوەی پەیوەندییەکی زۆری بە ڕیتم و مۆسیقای ناوەوەی سروشتی ئەو ڕیتمە هەیە کە لە ناوەوە حوکمی شیعر دەکا و لایەنی ئاشکرا و نهێنیی تاقیکردنەوەی شیعر بە ڕەنگی خۆی دەنەخشێنێ ، شاعیری هۆزان و کارامە دەتوانێ ڕیتمی ناوەوە بخاتە سەر مۆسیقای دەرەوەی هۆنراوە " (گەردی، ١٩٩٩، ٧٧) . کەواتە مۆسیقای ناوەوە ڕۆڵێکی کاریگەر و بەهێزی لە مۆسیقای شیعریدا هەیە ، وە بە بەکارهێنانی هونەرەکانی لە شیعردا توانا و لێهاتوویی و سەلیقەی زمانی شاعیر دەردەخات ، کە چۆن ڕەهەندێکی پڕ واتا و جوان بە شیعر دەبەخشن.

**ب- مۆسیقای دەرەوە**

مۆسیقای دەرەوە جوانییەکی بە بەها بە شیعر دەبەخشێت و چێژێکی زۆر بە خوێنەر دەگەیەنێت " وە بە بنەمایەکی سەرەکی دروستبوونی شیعر دادەنرێت بۆ جیاکردنەوەی شیعر لە پەخشان. بەپێی زۆربەی لێکۆڵەران مۆسیقای دەرەوە کێش و سەروا دەگرێتەوە " کێش و سەروا دوو بنەمای بنەڕەتی شیعرن ، کاریگەریی گەورەیان لە پێکهێنانی مۆسیقای شیعریدا هەیە، بەپێی کێش و سەروای جۆراو جۆریش ئاوازی هەمەجۆری دەرەوەی شیعریش پێکدێنن ، دیارە کێش و سەرواش بەپێی تایبەتمەندیی گەلان و زمانی جیاوازەوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە" (ئیسماعیل، ٢٠٠٣، ١٨١) هەروەها د. دلشاد عەلی پێی وایە مۆسیقای دەرەوە بریتییە لە کێش و سەروا وە بە هەردووکیان ئاوازی دەرەوەی شیعرەکە پێکدێنن " ئاوازی دەرەوەی هەڵبەستیش ، بە هۆی کێش و قافیەوە ئەنجام دەدرێت و دەبێتە ئاهەنگی چوارچێوەی گشتی هەڵبەستەکە و سەرجەمی بنیاتەکە دەگرێتەوە " (عەلی،

٢٠٠٩، ٩٨) سەبارەت بە کێش و سەروای شیعری کوردیش زیاتر لە شیعری کلاسیکی کوردی و بە تایبەتیش ئەو شیعرانەی ، کە لە سەر کێشی عەرووزی عەرەبیدا نووسراون دەردەکەون . کەواتە کێش و سەروا پەیوەندییەکی پتەویان بەیەکەوە هەیە و ، وە بە هەردووکیان مۆسیقا و چەشەیەکی خۆش و جوان بە شیعرەکە دەبەخشن . لێرەدا بەکورتی تیشك دەخەینە سەر دوو بنەما سەرەکییەکانی شیعر :

**١- کێش**

کێش ڕەگەزێکی گرنگی مۆسیقای دەرەوەی شیعرە و بریتییە لە "سەرجەمی ئەو پێیانەی دێڕە هەڵبەستێك دروست دەکەن ، کە لە عەرووزی عەرەبیدا تەفعیلەی پێدەڵێن" (بیمار، ١٩٩٢، ١٠) کێشی شیعر هەر لە کۆنەوە هەبووە و شاعیران لە شیعرەکانیاندا پەیڕەویان کردووە و ، چەند جۆرێکیشی هەیە وەك (کێشی عەرووزی ، کێشی خۆماڵی ، کێشی ئازاد) ئەم کێشە لە جەرگەی زمانەوە دروست دەبێت و ، هەر زمانەش سروشتێکی دەربڕینی خۆی هەیە ، پەیڕەوێکی دەنگی تایبەت هەیە لە ئاخاوتندا. لە زمانی کوردیشدا بە هۆی کاریگەری ئایینی ، کێشی عەرووزی عەرەبی هاتۆتە نێو شیعرەکانەوە بە تایبەتی شیعری کلاسیکی کوردی ، بەڵام لە بەر ئەوەی زمانی کوردی و عەرەبی سەر بەیەك کۆمەڵە خێزانە زمان نین ، بۆیە شاعیرانی کورد ناچار بوونە دەستکاری هەندێ لە کێشە عەرووزییەکان بکەن ، بۆ ئەوەی بیگونجێنن لەگەڵ زمانی کوردیدا ، وە لە شێوەزاری گۆران و فۆلکلۆری کوردیشدا کێشی خۆماڵی بەکارهاتووە.

**٢- سەروا**

سەروای شیعر ڕۆڵێکی گرنگ و تایبەتی لە پێکهێنانی مۆسیقای دەرەوەدا هەیە و ئەو دەنگەیە کە لە کۆتایی وشە سەروادارەکان دووبارە دەبنەوە "سەروا بریتییە لەو دەنگەی یا ئەو کۆمەڵە دەنگەی کە هەندێ جار بە برگە و لای هەندێ بە تیپ ئاماژەی بۆ کراوە لە کۆتایی وشە سەروادارەکان دووبارە دەبنەوە ، ئەمە بە تایبەتی لە کۆتایی لەت یان دێڕە شیعر و هەندێ جار لە ناوەوەش دێ، هەر وەکو دەشێ لە

پەخشانیشدا هەبێ" (گەردی، ١٩٩٩، ٢٦) ئەو دەنگانەی سەروا لە زمانی کوردیدا دروست دەکەن دابەش دەبنە سەر سێ جۆر (پێش ڕەوی ، ڕەوی ، پاش ڕەوی ) کە بەپێی پیتی بزوێن و نەبزوێن دەگۆڕێت. " سەروا دەشێت یەك دەنگ بێت و دەشێت زیاتر بێت ، بەڵام ئەو دەنگەی بەشێکە لە وشەی سەروا ، ئەوە بە ڕەوی ناو دەبرێت ، ڕەوی دوا دەنگی ڕەسەنی وشەی سەروایە و هەر مۆرفێمێکی تری لکاو کە پاش ڕەوی بێ دەبێ بە پاش ڕەوی" (حسێن، ٢٠٠٨، ١١١) . شاعیرانی کوردیش لە شیعرەکانیاندا چەند جۆرە سەروایەکیان بەکارهێناوە لەوانەش ( سەروای ستوونی (یەکێتی سەروا) ، سەروای مەسنەوی ، سەروای ڕەنگاو ڕەنگ) کەواتە سەروا ئەو دەنگەیە کە بە بنەمایەکی گرنگی مۆسیقای دەرەوەی شیعر دادەنرێت و چێژێکی تایبەتی بە خوێندنەوەی دەقەکە دەبەخشێت.

**٣-١ لە بارەی چامەی (سووڕی دەوران)هوە**

هێمن لە ساڵی ١٩٧٨ ئەم هۆنراوەی هۆنیوەتەوە ، کە چیرۆکێکی شیعری درێژە و لە ٣٢٠ دێڕە شیعر پێکهاتووە ، بە زمانێکی کوردی سادە و جوان ، کە نموونەی بەرزی زمانی ئەدەبی کوردییە نووسیوە. لە ڕووی ڕوخسارەوە بە شیعری کلاسیکی دادەنرێت و پەیڕەوی کێشی عەرووزی عەرەبی کردووە " هێمن لە شیعرەکانیدا لە سەر کێشی شیعری کلاسیکدا مەسەلە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی سەردەم باس دەکا، واتا نێوەڕۆکێکی ڕیئالیستییانەیان پێ دەبەخشێ (دەشتی، ٢٠٠٩ ، 285) ناوەڕۆکی هۆنراوەکەی باس لە دڵداریی نێوان کچی پاشا و کوڕێکی هونەرمەند دەکات ، کە پەیمانی دڵدارییان لەگەڵ یەکتردا بەستووە ، بەڵام لە کۆتاییدا بە دەستی پاشا هەردووکیان دەکوژرێن و کۆتایی بە ژیانیان دێت . شاعیر لە ڕێگەی ئەم چامەوە دەیەوێت پێمان بڵێت کە دڵداری بە هێزترە و مەسەلەی دەوڵەمەندی و هەژاری و پلە و پایەی ڕەت کردۆتەوە . هەروەها هەر لە ڕێگای ئەم چامەوە کۆمەڵگا بۆ بەرەوپێش چوون هاندەدات بەوەی خەڵك وریا بێتەوە و ڕۆشنبیری پەیدا بکەن و دوای زۆرداران نەکەون ، چونکە وەك خۆی دەڵێت ڕۆژان ڕۆژی لە دوایە و ئەگەرچی زۆرداران ئەمڕۆ

لە حوکم بن ، بەڵام لە کۆتایی ، ڕاپەڕینی خەڵك و هۆشیاری کۆمەڵگا دەسەڵاتی زۆرداران لە ناو دەبەن .

## بەشی دووەم : مۆسیقای چامەی سووڕی دەوران

### ٢-١ مۆسیقای ناوەوە

لەبارەی مۆسیقای ناوەوەی سووڕی دەوران چەند لایەنێکی ستاتیکی لە خۆ دەگرێت ، کە ئەویش بە هۆی چەند هونەرێکەوە دروست بوونە کە بریتین لە (ڕەگەزدۆزی ، هێنانەوە ، دووبارە کردنەوە، گێڕانەوە ، گەڕانەوە)

- ڕەگەزدۆزی

یەکێکە لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی ، کە ڕۆڵیکی گرینگ دەبینێت لە دروستبوونی مۆسیقای ناوەوەی شیعر "بریتییە لە بوونی دوو وشە لە دەربڕیندا لێکچووبن و لە واتادا جیاوازبن " (مستەفا، ٢٠١٢، ١٥) . ڕەگەزدۆزی دوو جۆری هەیە بریتین لە :

أ- ڕەگەزدۆزیی تەواو

بریتییە لەوەی"دوو وشەکان ، لە چوار شتدا یەکبن ، ئەوانیش : جۆری پیتەکان ، ژمارەیان ، شێوەیان ، ڕیزبوونیان "(مستەفا، ٢٠١٢، ١٢). بۆنموونە:

**لە لایێ چارە ڕەش کەوتووە لە کۆڵان**

**لە لایێ پارە بەش دەکرێ بە کۆڵان** (حەبیب، ٢٠٠٨، ٣٢٩)

وشەی (کۆڵان ) دوو جار بەکارهاتووە ، بەوەش ڕەگەزدۆزی تەواوی دروست کردووە ، چونکە دەبینین هەردوو وشەکە جۆری پیتەکان و ژمارە و شێوەی پیتەکان و ڕیزبوونی پیتەکانیان وەکو یەکن ، بەڵام لە واتادا جیاوازن وشەی (کۆڵان) لە نیوە دێڕی یەکەم بە واتای کۆڵانی گەڕەك دێت، کەچی وشەی (کۆڵان) لە نیوە دێڕی دووەم بە واتای کۆڵی پشت دێت .

**لە چین بێ یا لە ماچین بێ دیارە**

**کە ئاغا دوژمنی چینی هـەژارە** ( حەبیب ، ٢٠٠٨، ٣٣٠)

وشەی (چین ) سێ جار بەکارهاتووە ، هەرچەندە لە ڕووی ژمارە و پیت و شێوە و ڕیزبوونی وشەکان وەکو یەکن ، بەڵام لە واتادا جیاوازن ، (چین)ی سەرەتا و

ناوەڕاستی نیوە دێڕی یەکەم بە واتای شوێن دێت وڵاتی چین، (چین)ی ناوەڕاستی نیوە دێڕی دووەم بە واتای طبقە و چین دێت ، کە مەبەستی چینی هەژارە.

**ئەگەرپارە نە بووبا بیرو بڕوا؟**

**دەبووزاڵم لە کوێ وا دەستی بڕوا ؟** ( حەبیب ، ٢٠٠٨، ٣١٨)

وشەی (بڕوا ) دوو جار بەکار هاتووە ، لە نیوە دێڕی یەکەم بە واتای باوەڕبوون دێت ، لە نیوە دێڕی دووەم بە واتای (دەست ڕۆیشتوو) هاتووە. بەمەش ڕەگەزدۆزیی تەواو بەرهەم هاتووە.

ب- ڕەگەزدۆزیی ناتەواو

یەکێکە لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی "ئەگەر ئەو وشانەی ڕەگەزدۆزی پێکدێنن لە نێوان خۆیاندا یەکێك لەم چوار مەرجانەیان تێدا نەبوو ، ئەوا دەبێتە ڕەگەزدۆزیی ناتەواو" (ئەحمەد، ٢٠١٤، ١٠٤) بۆ نموونە:

**ئەمیر ئەمرۆ لە داری دان بە جووتە**

**کیژۆڵەی خۆی و ئەو خۆش خو انە ڕووتە** (حەبیب ، ٢٠٠٨ ، ٣٣٣)

هەر یەك لە وشەکانی (جووتە) و (ڕووتە) یەك پیتیان جیایە ، بەوەش هونەری ڕەگەزدۆزیی ناتەواوی جودای بەرهەم هێناوە.

**هەتا کەی ئەو نەبینم تێر بە چاوان؟**

**لە سەر من داخر ابێ دەرکی باوان** ( حەبیب ، ٢٠٠٨ ، ٣١٣)

وشەکانی ( چاوان ) ، (باوان) ڕەگەزدۆزیی ناتەواون لە جۆری جودا ، چونکە یەك پیتیان لە یەك جودایە.

**دەبووژو انگەی لە کن ڕاوگەی کەوان با**

**نەك وەك وا چاو لە دەستی دەرکەوان با** ( حەبیب ، ٢٠٠٨ ، ٣٠٦)

(کەوان) و ( دەرکەوان) دوو وشەن ، دووەمیان بە سێ پیت لە وەی یەکەم زیاترە ، بەوەش هونەری ڕەگەزدۆزیی ناتەواو لە جۆری زیاد بەرهەم هاتووە.

**خەبات ڕزگار دەکا کۆیلە و ئەسیران**

**لە ناخێ ڕادەکا مەزن و ئەمیران** (حەبیب ، ٢٠٠٨، ٣٣٥)

( دەکا) ، (ڕادەکا) دوو وشەن ، دووەمیان بە دوو پیت لە وەی یەکەم زیاترە، بەوەش هونەری ڕەگەزدۆزیی ناتەواو لە جۆری زیاد بەرهەم هاتووە.

**کە یاری دەرکەوت بێ ترس و پارێز**

**بەرەو پیری فڕی گرتی لە ئامێز** ( حەبیب ، ٢٠٠٨ ، ٣٢٤)

وشەکانی ( پارێز) و (ئامێز) ژمارەی پیتەکانیان یەکسانە هەریەکەیان پێنج پیتن ، هەرچەندە پیتەکانی یەکەم و سێیەم لە یەك جودان لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر یەك کێشن ، بەوەش ڕەگەزدۆزیی ناتەواو لە جۆری هاوکێش بەرهەم هاتووە.

**ئەوە کاربوو کە کردی ئەم یەکانە**

**پەژارەی خستە شاری بەم بەیانە** (حەبیب ،٢٠٠٨ ٣٣٢)

وشەکانی (یەکانە) و (بەیانە ) ژمارەی پیتەکانیان یەکسانن هەریەکێکیان لە شەش پیت پێکهاتوون ، هەرچەندە پیتەکانی یەکەم و سێیەم لە یەك جیان ، بەڵام لەسەر یەك کێشن ، بەوەش ڕەگەزدۆزیی ناتەواو لە جۆری هاوکێش دروست بووە.

**ئەوان پێیان بڕێ دەسکەوت و قازانج**

**بە قوڕگیرێ دەبا سەد ماڵە کرمانج** ( حەبیب ، ٢٠٠٨، ٣٣٤)

وشەکانی (قازانج) و (کرمانج) هەردووکیان شەش پیتن و لە سەر یەك کێشن، بەڵام لە پیتەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم جیاوازن ، بەوەش ڕەگەزدۆزیی ناتەواو لە جۆری هاوکێش دروست بووە.

- دووبارەکردنەوە

دووبارەکردنەوە کاریگەرییەکی بە هێزی هەیە لە مۆسیقای ناوەوەی شیعر " ئەوەیە لە دوای دەربڕینی مەبەست ، وشە بۆ چەند جارێك لە سنووری دێڕی شیعردا بوترێتەوە بە هەمان واتای مەبەست " (مصطفى، ٢٠١٣، ٢٩٠)

**دڵی خۆش بوو بە ئازاری هەژاران**

**بە دەست ئەو چوون هەزاران و هەزاران !** ( حەبیب ، ۲۰۰۸، ۳۰۳)

لەم دێڕەدا وشەکانی (هەزاران)ی دوو جار دووبارە کردۆتەوە ، بەوەش هونەری دووبارەکردنەوەی بەرهەم هێناوە بۆ تۆخکردنەوەی مەبەست.

**مەکۆی جەردە و چەتان بوو دیوەخانی**

**غولام و نۆکەری بوون نانی نانی** ( حەبیب ، ۲۰۰۸، ۳۰٤)

وشەی ( نانی ) دوو جار دووبارە کردۆتەوە بە مەبەستی جەختکردنەوە بەوەش هونەری دووبارەکردنەوە دروست بووە.

**هەتا کیژی هەژاران مەشکە ژێنە**

**لە ماڵی وان هەیە ئەم بێنە بێنە** ( حەبیب ، ۲۰۰۸، ۳۳٤)

وشەی ( بێنە)ی دووبارە کردۆتەوە ، بە مەبەستی دروستکردنی هونەری دووبارەکردنەوە.

- هێنانەوە

بریتییە "لە بوونی دوو وشەی هاوشێوە ، یان هاوڕەگەز ، یەکیان لە کۆتایی دێڕەکە دێت، ئەوی تریشیان دەکەوێتە سەرەتای نیوە دێڕی یەکەم، یان ناوەڕاستی ، یان کۆتاییەکەی ، یان سەرەتای نیوە دێڕی دووەم ، یان ناوەڕاستەکەی " (مستەفا، ۲۰۱۲، ۳٤) بۆ نموونە:

**ژیانی بێ ئەوین گشتی زیانە**

**کچیش نەیخوارد فریوی ئەم ژیانە** (حەبیب ، ۲۰۰۸ ، ۳۰۹)

وشەی (ژیان) دوو جار هێنراوەتەوە جاری یەکەم لە سەرەتای نیوە دێڕی یەکەم ، جاری دووەم لە کۆتایی نیوە دێڕی دووەم ، بەوەش هونەری هێنانەوەی دروست کردووە.

**شەوێکی ڕەش وەکو بەختی ئەسیران**

**وەکو دوا ڕۆژی زۆردارو ئەمیران** ( حەبیب ، ۲۰۰۸، ۳۲۸)

وشـەی (وەکو)ی دوو جار هێناوەتەوە ، جاری یەکەم لە ناوەڕاستی نیوە دێڕی یەکەم ، جاری دووەمیش لە سەرەتای نیوە دێڕی دووەم ، بەوەش هونەری هێنانەوەی دروست کردووە

**بەوی چی ماڵی خەڵکی بێ خودان بێ**
**کە ماڵە جوانەکەی ئەو ئاوەدان بێ** ( حەبیب ، ٢٠٠٨ ، ٣٢٥)

لەم دێڕە هۆنراوەدا وشـەی (ماڵ) دوو جار هێنراوەتەوە ، جاری یەکەم لە ناوەڕاستی نیوە دێڕی یەکەم ، جاری دووەمیان لە سەرەتای نیوە دێڕی دووەم ، بەوەش هونەری هێنانەوە بەرهەم هاتووە.

**وەدووی دڵ کەوت و پچڕی بەند و پێوەند**
**دڵی خۆی دا بە لاوێکی هـونەرمەند** ( حەبیب ، ٢٠٠٨ ، ٣٠٩)

وشـەی (دڵ) دوو جار هێنراوەتەوە ، بەوەش هونەری هێنانەوەی دروست کردووە ، کە بۆتە هۆی ئەوەی مۆسیقای ناوەوەی دەقەکە جوانتر بێت.

- گێڕانەوە

یەکێکی ترە لە هونەرەکانی جوانکاری وشـەیی بریتییە لە " بەکارهێنانی چەند جارەی وشـەیەك ، یان دەستەواژەیەك بەو مەرجەی هەرجارەی لە پاڵ شتێکەوە هاتبێت ئەمەش بە بەرچاوگرتنی ئەو وشـەی (گێڕانەوەکە) دروست دەکات " (عەبدوڵلا، ٢٠١٢، ١١٨) بۆ نموونە :

**گەڕان کێو و چیا و ئەشکەوت و زەندۆڵ**
**گەڕان کادێن و کەندوو، ئاخوڕ و هـۆڵ** ( حەبیب ، ٢٠٠٨، ٣١٧)

وشـەی (گەڕان) فرمانێکە شاعیر دووجار لە یەك دێڕدا بەکاری هێناوە ئەویش لە پاڵ وشـەکانی کێو و چیاو ئەشکەوت و زەندۆڵ ، وە لە نیوە دێڕی دووەمدا لە پاڵ وشـەکانی کادێن و کەندوو و ئاخوڕ و هۆڵ ، بەوەش هونەری گێڕانەوەی دروست کردووە بەهۆی گێڕانەوەی فرمان .

**لە ڕێی ژینا لەوێ بوونە کرێکار**

**لە بۆ نانێك و بۆ یەك تۆزە پێخۆر** ( حەبیب ، ٢٠٠٨، ٣١٥)

(لە) ئامرازی پەیوەندییە لەپاڵ وشەی (ڕێگا) هەروەها ( بۆ) هێنراوەتەوە بەوەش هونەری گێڕانەوەی دروست کردووە بە هۆی ئامرازی پەیوەندی.

**هەتا کەی مەینەتی دووری بچێژین؟**

**هەتا کەی بووکی ئاواتمان بنێژین ؟** ( حەبیب ، ٢٠٠٨، ٣١٢)

(کەی) ئاوەڵناوی پرسە دوو جار لە پاڵ وشەکانی (مەینەت) و (بووك) گێڕدراوەتەوە بەوەش هونەری گێڕانەوەی دروست کردووە.

- گەڕانەوە

بریتییە لە " گەڕانەوەی شاعیر لە سەرەتای دێڕی دووەمیدا ، یان لە سەرەتای نیوە دێڕی دووەمیدا بۆ جەختکردنەوە لە سەر واتای وشە ، یان ئەو وشانەی لە ناوەڕاست ، یان کۆتاییەکەی ، یان سەرەتای نیوە دێڕی دووەم ، یان ناوەڕاستەکەی " (عەبدوڵڵا، ٢٠١٢، ١٢٢) بۆ نموونە :

**کچی میروگەدا دڵیان هەیە دڵ**

**دڵیش ناکا لە دڵداری و ئەوین سڵ** (حەبیب ،٢٠٠٨ ، ٣٠٨)

لەم دێڕەدا دەبینین وشەی (دڵ)ی لە کۆتایی نیوە دێڕی یەکەمدا بەکارهێناوە، بەڵام هێمن هەر بەوەندە تێنووێتی ناشکێ ، بەڵکو بە مەبەستی جەختکردنەوە لە واتای وشەکە ، هاتووە وشەی (دڵ)ی لە سەرەتای نیوە دێڕی دووەم دووبارە بەکارهێناوەتەوە ، بەوەش مۆسیقای ناوەوەی دەقەکەی جوانتر کردووە .

**دڵی خۆی دا بە لاوێکی هونەرمەند**

**هونەرمەندێکی پاکی بەرزە ئاکار** ( حەبیب ، ٢٠٠٨ ، ٣٠٩)

لەم دێرە شیعرەدا هێمن بە مەبەستی دروستکردنی هونەری گەڕانەوە و جەختکردنەوە لە واتای مەبەست وشەی (هونەرمەند)ی لە کۆتایی نیوە دێڕی یەکەم

و سەرەتای نیوە دێڕی دووەم بەکارهێناوە ، بەوەش دەست ڕەنگینیی شاعیر لە بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی دەردەخات.

**بە ئاونگێ بشوا ڕوخساری پاکی**

**لە پاکان ون نەبێ دیداری پاکی** ( حەبیب ، ٢٠٠٨ ، ٣٠٧)

شاعیر بە وشەی (پاك) هونەری گەڕانەوەی بەرهەم هێناوە ، بەوەش چێژێکی خۆش و جوانتری بە مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکە بەخشیوە.

- تێکهەڵکێش

لە عەرەبیدا (التضمین)ی پێدەگوترێت " بریتییە لە تێکهەڵکێش کردنی ڕستە و گوتەی یەکێکی تر بەو هۆنراوەیەی شاعیرێك لە نوێ دایدەڕێژێت ، جا گوتە و ڕستەکە ئایەتێکی قورئانی پیرۆز بێت ، یان فەرموودەیەکی پێغەمبەری خۆشەویست بێت (دروود و سڵاوی خوای لەسەر) ، یان پەندێکی پێشینان ، ، یان نیوە دێڕو دێڕە هۆنراوەی شاعیرێکی تر ، یان تەنانەت شیعرێکی تەواوی شاعیرێکی تر ، یان هەر دەربڕینێکی تر بێت ، بەو مەرجەی لە سنووری ڕستەیەکی سادە کەمتر نەبێت و ئاماژە هەبێت ، کە ئەم ڕستەیە وەرگیراوە و بەشێکی دیکە نییە لە گوتاری خودی شاعیرەکە " (مستەفا، ٢٠١٢، ٧٠) بۆ نموونە :

**دەڵێن یاری گوتی جاری بە یاری**

**((گەڕیدەی ، شارەزای زۆر گوند و شاری**

**لە هەمووان خۆشترو جو انتر چ جێیە ؟))**

**گوتی: (( ئەو جێیە خۆشە یاری لێیە))** ( حەبیب ، ٢٠٠٨ ، ٣١٩-٣٢٠)

هێمن ئەم دوو دێڕە شیعرەی لە (مەولەوی) شاعیرەوە وەرگرتووە ، وە خۆشی ئاماژەی بەوە داوە کە وەریگرتووە ، بەوەش هونەرێکی جوانی وەك تێکهەڵکێش دروست کردووە .

**دەسەلمێنن بە پیاوی گەوج و سادە**

**کە ((سوارهەرسوارە ، پیادەش هەرپیادە))** (حەبیب ،٢٠٠٨ ، ٣٢٤)

(سوار هەر سوارە ، پیادەش هەر پیادە) پەندێکی پێشینانە هێمن لەم دێڕە شیعرەیدا بەکارهێناوە و تێکهەڵکێشی شیعرەکەی خۆی کردووە .

دەڵێن : **((کەنگرو قوماش نابن بە وێڵداش**

**قسەی کەونە پیاو انە و قسەی باش))** (حەبیب ،٢٠٠٨، ٣٢٣)

ئەم گوتە لە فۆلکلۆرەوە وەرگیراوە و هێمن موکریانی تێکهەڵکێشی شیعری خۆی کردووە و لە خوارەوەش ئاماژەی بەوە داوە کە لە فۆلکلۆرەوە وەریگرتووە ، ئەمەش بۆتە هۆی دروستبوونی هونەری جوانکاری تێکهەڵکێش.

**٢-٢ مۆسیقای دەرەوە**

مۆسیقای دەرەوە بریتییە لە کێش و سەروا :

- کێش

کێشی شیعری چامەی (سووڕی دەوران)

سەبارەت بە کێشی شیعری چامەی (سووڕی دەوران) هێمن لەم چامەیەدا پەیڕەوی کێشی عەرووزی عەرەبی کردووە ، لەوانەش کێشی هەزەجی شەشی مەحزووف ، کە دوو عەرووزی هەیە ئەوانیش : ١- مەحزووف (فعولن ) ، ٢- مەقسوور ( فعولان ).

نموونە بۆ عەرووزی مەحزووف:

**دەگەڵ پێروو بکا ڕازو نیازێ**

**گەلاوێژی بە هاوڕازی بنازێ** ( حەبیب ، ٢٠٠٨ ، ٣٠٧)

کێشی هەزەجی شەشی مەحزووف (مفاعیلن مفاعیلن فعولن )

**خەیابان و شەقام و ڕێگەیان گرت**

**هەموو جێیان تەنی ، گشت جێگەیان گرت** ( حەبیب ،٢٠٠٨ ، ٣١٩)

کێشی هەزەجی شەشی مەحزووف (مفاعیلن مفاعیلن فعولن )

**کە گۆپاڵی خەڵک دەرهات لە خیزی**

**ئیتر نامێنێ میری گەورە فیزی** ( حەبیب ، ٢٠٠٨ ، ٣٣٥)

کێشی هەزەجی شەشی مەحزووف (مفاعیلن مفاعیلن فعولن )

نموونە بۆ عەرووزی مەقسوور:

**زەمانێ زوو هەبوو میرێکی زۆردار**

**دزێو و دڵڕەق و خوێن ڕێژ و لاسار** ( حەبیب ، ٢٠٠٨ ، ٣٠٣ )

کێشی هەزەجی شەشی مەقسوور (مفاعیلن مفاعیلن فعولان )

**بزەی دەرمانی دەردی دەردەداران**

**وشەی وەك بەختەبارانی بەهاران** ( حەبیب ، ٢٠٠٨ ، ٣٠٥)

کێشی هەزەجی شەشی مەقسوور (مفاعیلن مفاعیلن فعولان )

**بە ئەفسانەی دەزانن سووڕی دەوران**

**غوڵام و ورکە خۆری دەرکی گەوران** (حەبیب ، ٢٠٠٨، ٣٣٥)

کێشی هەزەجی شەشی مەقسوور (مفاعیلن مفاعیلن فعولان )

- سەروا

سەبارەت بە سەروای چامەی سووڕی دەوران شاعیر تەواوی ئەم چامەیەی بە سەروای مەسنەوی (جووت قافیە) هۆنیوەتەوە ، کە سیستەمی سەروای دەقەکە بەم شێوەیە: أ أ ب ب س س م م

نموونەی شیعری:

**دەڵێن ئەو دوو کەسەی لێرە هەڵاتوون**

**لە پایتەختی وڵاتێ نیشتەجێ بوون**

**کە دۆستی خۆمە میری ئەو وڵاتە**

**ئەمیرێکی بە زیبك و دەسەڵاتە**

**دەڵێم چەند کەس لە ئێوە هەڵبژێرم**

**بچن ، سەوقات و دیاری بۆ بنێرم**

**بە نامە لێی بخوازم ڕانەوەستێ**

**دەس و پێی ئەو دوو انەم بۆ ببەستێ** ( حەبیب ، ٢٠٠٨ ، ٣٢٨)

لەم کۆپلە شیعرەدا دەبینین هەر دێڕێك سەروای تایبەتی هەیە واتا دێڕی یەکەم سەروای جیایە لەگەڵ دێڕی دووەم ئەمەش سەروای مەسنەوی (جووت قافیە)ی پێدەڵێن ، وشەی سەرواکان بریتین لە (هەڵاتوون، نیشتەجێبوون) ، (وڵاتە ، دەسەڵاتە) ، (هەڵبژێرم ، بنێرم) ، ( ڕانەوەستێ ، ببەستێ) ، وە دەنگەکانی (وون ، ڵاتە ، ێرم ، هستێ) دەنگی هاوبەشی وشەی سەروان .

**٢-٣ گرینگی مۆسیقا لە چامەی ( سووڕی دەوران )دا**

١- خوێندنەوەی دەقەکەی خۆش و ئاسان کردووە ، بەمەش وایکردووە بە ئاسانی لەسەر زاردا بوترێت .

٢- مۆسیقای شیعرەکە وایکردووە ، کە کاریگەری دەق بەسەر خوێنەرەوە زیاتر بێت .

٣- جوانییەکی ڕازاوە و بێ وێنەی بە دەقەکە بەخشیوە ، چونکە هێمن شارەزاییەکی باشی لە هونەرەکانی جوانناسیدا هەیە.

٤- دەست ڕەنگینی و لێهاتوویی شاعیری دەرخستووە ، چونکە زۆر جار بەرهەمی شاعیران لە ڕێگای شێواز و چۆنیەتی بەکارهێنانی مۆسیقای شیعرییەوە دەناسرێنەوە .

## بەشی سێیەم : هەندێ لایەنی ڕەوانبێژی لە چامەی ( سووڕی دەوران)دا

**١-٣ هونەرەکانی جو انکاریی و اتایی**

- دژیەك

بنەمایەکی تری بنیادنانی مۆسیقای ناوەوەی شیعرە و بریتییە (( لە بەکارهێنانی دوو وشە یان زیاتر ، کە لە ڕووی واتای پێچەوانە (دژ)ی یەکترن ، نەك لە ڕووی داڕشتنی زمانەوانییەوە )) (ئەحمەد، ٢٠١٤، ١٠٤) بۆ نموونە :

**هونەرمەندێ بە زگ برسی و بە چاو تێر**
**لە شەڕ بێزار و دۆستی ئاشتی و خێر** ( حەبیب ، ٢٠٠٨ ، ٣١٠)

لەم دێڕە شیعرەدا دوو دژیەك دروست بوونە ، (برسی و تێر) ، ( شەڕ و ئاشتی) چوار ناوی واتایین و پێچەوانەی یەكترن ، چونكە هەریەكەو ڕەگێكی سەربەخۆیان هەیە .

**كچ و كوڕێ خەبەرلەو تۆڕو داوە**

**خەریكی كاری خۆیان بوون لەو لاوە** ( حەبیب ، ٢٠٠٨ ، ٣١٩)

لە نیوە دێڕی یەكەمدا (كچ و كوڕ) دوو ناوی بەرجەستەن و دژیەكی فەرهەنگین

.

**گەڕان شارو وڵاتی دوورو نزیك**

**دووان بە زمانی فورس و تورك و تاجیك** ( حەبیب ، ٢٠٠٨ ، ٣١٩)

وشەكانی (دوور و نزیك ) دوو ئاوەڵكارن و پێچەوانەی یەكترن ، بەوەش دژیەكی فەرهەنگییان دروست كردووە.

- كۆكردنەوە

یەكێكە لە هونەرەكانی جوانكاری واتایی كە لە عەرەبیدا (الجمع)ی پێدەڵێن ((بریتییە لە كۆكردنەوەی دوو شت ، یان زیاتر لە ژێر بەیداخی بڕیارێكەوە)) (مستەفا، ٢٠١٢، ١١٣) بۆ نموونە:

**زەمانێ زوو هەبوو میرێكی زۆردار**

**دزێو و دڵڕەق و خوێن ڕێژ و لاسار** ( حەبیب ، ٢٠٠٨ ، ٣٠٣)

وشەكانی ( دزێو و دڵڕەق و خوێن ڕێژ و لاسار ) چوار سیفەتن ، كە لە ژێر سیفەتەكانی میردا كۆكراوەتەوە . بەوەش هونەری جوانكاری كۆكردنەوە بەرهەم هاتووە .

**بەژن باریك و باڵا بەرزو تەڕپۆش**

**یەسك سووك و ڕەزا شیرین و ڕووخۆش** ( حەبیب ، ٢٠٠٨ ، ٣٠٥)

وشەکانی ( بەژن باریك ، باڵا بەرز، تەرپۆش، یەسك سووك ، ڕەزا شیرین ، ڕووخۆش) هەموویان ئاوەڵناون و بۆ وەسفی کچی میر کۆکراونەتەوە ، کە بۆتە هۆی دروستبوونی هونەری جوانکاری کۆکردنەوە.

**ڕق و قینی لە نێو چاوان دەباری**

**دزی و سووتمان و کوشت و بڕ بوو کاری** ( حەبیب ، ٢٠٠٨ ، ٣٠٣)

هەریەك لە فرمانەکانی (دزین و سووتمان و کوشتن و بڕین) کۆکراونەتەوە و دراونەتە پاڵ کاری میر ، ئەوەش بۆتە هۆی بەرهەمهێنانی هونەری کۆکردنەوە.

- تێل نیشان

هونەرێکی ڕەوانبێژییە و بریتییە لە " ئاماژەدانی شاعیر ، بە ئایەتێکی قورئانی پیرۆز ، یان فەرموودەیەك یان پەندێکی پێشینان و ڕووداوێکی مێژوویی گرنگ ، یان داستان و بەسەرهات و هەر شتێکی تری هاوشێوە ، بەڵام بێ ئەوەی کە ئاماژە بۆ شتێ دەکات ، لە سەری بوەستێ و بە درێژی باسی بکات ، بەڵکو هەر بە ئاماژەیەکی خێرا بە سەریاندا تێدەپەڕێت. واتە هەر بە وشەیەك ، یان واتایەك ئەو ئاماژەیە دەکات " (عەبدوڵلا، ٢٠١٨، ٩٧) بۆنموونە:

**ئەوین خاتوو زلێخای نەرم و هێدی**

**دەکاتە دیلی عەبدی زێڕ خرێدی** ( حەبیب ،٢٠٠٨ ، ٣١١)

خاتوو زلێخا تێل نیشانە بۆ ڕووداوی (یوسف و زولەیخا) ، کە لە قورئانی پیرۆزدا باسکراوە، بەوەش هونەری (تێل نیشان)ی دروست کردووە.

**ئەوینە شێخی سەنعانی غەیب زان**

**دەکاتە گاورو شوانی بەرازان** (حەبیب ، ٢٠٠٨ ، ٣١١)

شێخی سەنعان تێل نیشانە بۆ بە سەرهات و چیرۆکی شێخی سەنعان ، کە ئەوین وای لێدەکات بۆ کچێکی گاور لە ئاینەکەی وەرگەڕێت، بەوەش هونەری تێل نیشان بەرهەم هاتووە .

**٢-٣ هونەرەکانی ڕوونبێژی**

- لێکچوواندن

لێکچوواندن " بریتییە لە چوواندنی شتێك بە شتێکی دیکەوە ، لەبەر هەبوونی سیفەتێك ، یان زیاتر لە سیفەتێکی هاوبەش لە نێوان هەردوو شتدا، ئەمەش بە زیاتر لە شێوازێك پێشکەش دەکرێ ، هەیانە ڕاستەوخۆ و بێ بەکارهێنانی ئەوزار و ڕووی لێکچوواندن ، هەشیانە بە سوود وەرگرتن لە ئەوزار و ڕووی لێکچوون ، جا لە هەردووکیان یان یەکیان " (عەبدوڵڵا، ٢٠١٢، ٦٢) بۆ نموونە :

**لە ژاری تاڵترە خۆراکی چەوری**

**کچێك وەك ڕۆژنەیێتە دەرلە هەوری** (حەبیب ، ٢٠٠٨ ، ٣٠٨)

کچێك : لێیچووە ، ڕۆژ: لەوچوو ، وەك : ئەوزارە ، هەور: ڕووی لێکچوونە.

ڕۆژ لە بەر هەور ناتوانێت بێتە دەرەوە ، کچی میریش لە بەر باوکی ناتوانێت، کەواتە لێکچوواندنی ڕەهای درێژ بەرهەم هاتووە ، لەبەر ئەوەی هەر چوار بنەڕەتەکانی لێکچوواندن هەیە .

**بە میریان ڕاگەیاند وەك ڕۆژە ڕەوشەن**

**کە لێرە نین ، پەڕاندوویانە کەوشەن** ( حەبیب ، ٢٠٠٨ ، ٣١٧)

ڕاگەیاند : لێیچووە ، وەك: ئەوزارە ، ڕۆژ: لەوچووە ، ڕەوشەن : ڕووی لێکچوونە.

مەبەستی لەم دێڕە شیعرەدا چۆنیەتی گەیاندنی هەواڵەکەیە بە میر ، کە بە ڕوونی پێی دەڵێن کچەکەی و کوڕە هونەرمەندەکە لە شار نەماون و لە سنووری شار دەرچوونە ، بەوەش بۆتە هۆی بەرهەمهێنانی هونەری لێکچوواندن.

**گوتوویانە کە خزمەتکاری چاکی**

**دەبی وەك داڵ بکەی بۆنی کەلاکی** (حەبیب ، ٢٠٠٨ ، ٣١٨)

خزمەتکار: لێیچوو ، وەك : ئەوزارە ، داڵ : لەوچوو ، بۆن : ڕووی لێکچوواندنە.

میر خزمەتکارەکەی خۆی بە داڵ (باز) چوواندووە لەوەی کە دەبێت خێرا کچەکەی بۆ بدۆزێتەوە ، بەوەش هونەری لێکچوواندنی دروست کردووە.

- خوازە

لە عەرەبیدا پێی دەگوترێت (مەجاز) " بریتییە لە وشەیەکی بەکارهاتوو بۆ غەیری ئەو واتایەی بۆی دانراوە ، لە بەر پەیوەندییەکی نێوانیان ، کە لێکچوون نییە لەگەڵ قەرینەیەك کە ڕێگری دەکات لەوەی بۆ واتای دروستی خۆی بەکار هاتبێ " (عەبدوڵلا، ۲۰۱۲، ۸٦) بۆ نموونە :

**خەبات ڕزگار دەکا کۆیلە و ئەسیران**

**لە ناخێ ڕادەکا مەزن و ئەمیران** ( حەبیب ، ۲۰۰۸ ، ۳۳۵)

خەبات : بکەری خوازەییە ، خەڵك : بکەری ڕاستەقینەیە

خەبات ناوێکی واتاییە و مەبەستی خەڵکە واتا ئەگەر خەڵك بەگشتی ڕاپەڕین و خەبات بکەن دژی پاشا و گەورەکان ، ئەوا کۆیلەکان ڕزگاریان دەبێت لە دەستی پاشا و پیاوی خراپ بەوەش هونەری خوازەی بەرهەم هێناوە.

**سەری سوڕمابوو ئەو کابرا نەزانە**

**چلۆن گۆڕاوە ئەم دەوروزەمانە** ( حەبیب ، ۲۰۰۸ ، ۳۲۲)

(دەور و زەمان ) خوازەیە بە پەیوەندیی کاتی ، چونکە دەور و زەمان ناگۆڕێت ، بەڵکو خەڵکەکەیە دەگۆڕێت لێرەدا مەبەست لە خەڵکە .

- خواستن

خواستن بەکارهێنانی وشەیەکە لەجیاتی وشەیەکی تر لەبەر هەبوونی پەیوەندییەکی لێکچوون لە نێوان هەردوو وشەکان ، قەرینەیەکی عەقڵی و زمانیش هەیە دەڵێ ئەم فرمانە بۆ ئەو بکەرە ، یان ئەو وەصفە بۆ ئەو مەوصووفە ناشێت " (عەبدوڵلا، ۲۰۱۸، ۳٤۳) بۆ نموونە :

**چ سپڵەن ئەو سەگانەی گورگە مێشن**

**کەلاك بۆ گورگی برسی ڕادەکێشن** ( حەبیب ، ۲۰۰۸ ، ۳۱٦)

لەم دێڕەدا مەبەست لە وشەی (سەگ ) خەڵکی خراپە ، بە تایبەتی ئەو کەسانەی گورگن لە پێستی مەڕدا ، لادانێکی واتایی دروست کردووە ، کە بۆتە هۆی دروستبوونی خواستنی ئاشکرا.

**دەگەڵ گوڵ پێکەنێ فێنکی بەیانی**

**سەرانسەرپڕلە خۆشیێ ژیانی** (حەبیب ، ٢٠٠٨ ، ٣٠٧)

پێکەنین سیفەتی مرۆڤە نەك گوڵ بۆیە وشەی گوڵ خواستراوە و لەجیاتی ناو بەکار هاتووە .

**دەگەڵ بولبول بڵێ حەیران و بەستە**

**خەڵك شەیدا بکا بەو شۆرو هەستە** ( حەبیب ، ٢٠٠٨ ، ٣٠٧)

وشەی (بولبول) لەجیاتی ناو هاتووە ، کە خواستنی ئاشکرایە و بەمەش لادانێکی واتایی دروست کردووە.

- دڕکە

بریتییە لە " ڕستەیەك ، کە بۆ غەیری واتای دروستی خۆی دێت واتایەکی دڕکاو دەگەیەنێت ، هەرچەندە هیچ ڕێگرییەك نییە لە وەی ڕستەکە بۆ واتای دروستیش بەکارهاتبێ ئەوەش لە بەر ئەو لێکچوونەیە ، کە لە نێوان دەربڕینی دڕکاو و واتای دڕکاوی ڕستەکەدا هەیە بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین دڕکە وێنەیەکە ، بە پێکهاتەی خۆی ، بەرەو واتایەکی ترمان دەبات" (عەبدوڵلا، ٢٠١٢، ١٠٢)

**وەدووی دڵ کەوت و پچڕی بەند و پێوەند**

**دڵی خۆی دا بە لاوێکی هونەرمەند** (حەبیب ، ٢٠٠٨ ، ٣٠٩)

دڵ: دەربڕینی دڕکاوە، کە مەبەست لێی واتا دڕکاوەکەیە ئەویش بریتییە لە خۆشەویستی ، لەم دێڕە هۆنراوەیەدا شاعیر ئەوەمان پێدەڵێت ، کە دڵداری مەسەلەی هەژاری و دەوڵەمەندی ڕەتدەکاتەوە، وە بە بەکارهێنانی ئەم دەقەش هونەرەکەی بەهێزتر کردووە.

**٣-٣ هونەرەکانی و اتاشناسی**

- هەواڵ

"ئەو قسە یان ئەو دەربڕینەیە لایانی ڕاست و درۆی هەبی بتوانێ بڵێی ڕاستە یان درۆیە " (مصطفى، ٢٠١٣، ١٩) ڕستەی هەواڵیش بە هۆی چەند ئاماژەیەکەوە

دروست دەبێت وەك ( بۆ شانازی ، بۆ خۆشی دەربڕین ، بۆ ناخۆشی دەربڕین ، بۆ پیاهەڵدان. . . ) لێرەدا بەپێی بابەتەکەمان نموونە بۆ هەندێ لەو ئاماژانە دەهێنینەوە.

**لەوێش میرێکی زاڵم کاربەدەست بوو**

**لەوێش بێ چاو ڕوویەك داربەدەس بوو** (حەبیب ، ٢٠٠٨ ، ٣١٤)

شاعیر لەم دێڕە شیعرەیدا ناخۆشی ئەو وڵاتەی دەربڕیوە کە کچی میر بۆی چووە و دەڵێت لەو وڵاتەش میرێکی زۆردار و خراپ هەیە، مەبەستیشی لە دەربڕینی ئەم هەواڵە خستنە ڕووی ناخۆشییە.

**هەمیشە خاوەنی کۆیلە و کەنیز بوو**

**جلوبەرگی هەتا حەزکەی تەمیز بوو**

**ئەوی دەستووری دابا جێبەجێ بوو**

**لە خۆی زیاتر لە ژووری کۆشکێ کێ بوو**

**دەیانکرد باوەشێنی ئەم بەرئەوبەر**

**لە بن سێبەرکچی نەشمیلی ئەسمەر** ( حەبیب ، ٢٠٠٨ ، ٣٢٣)

لەم چەند دێڕە شیعرەدا مەبەستی لەم هەواڵە پیاهەڵدان و گەورە کردنە، کاتێك کچی میر لەو پەڕی نازو نیعمەتی کۆشکدایە و هەمیشە خزمەت کراوە .

**بەجێم هێناوە ئەرکی بەندەگی خۆم**

**تەماڵم دیتەوە ، من نۆکەری تۆم** ( حەبیب ، ٢٠٠٨ ، ٣٢٦)

کاتێك یەکێ لە پیاوەکانی میر کچی میر دەدۆزێتەوە هەواڵی دۆزینەوەکەی پێ ڕادەگەینێت ، مەبەستیش لە دەربڕینی ئەم هەواڵە خستنە ڕووی خۆشییە، بەوەش هونەری واتاناسی لە جۆری هەواڵ دروست کردووە.

- داڕشتن

یەکێکی ترە لە هونەرەکانی واتاناسی " داوای وەدیهێنانی داواکراوێکە ، تا کاتی داواکردنەکە وەدی نەهاتووە ، ئەو دەربڕینەیە ، کە ناشێ ڕاست یان درۆ بێت ، بەشەکانی بریتین لە ( فرمان –نەهێشتن – پرسیار- خۆزی –بانگکردن ) "

(عەبدوڵڵا، ٢٠١٢، ٤٣) بە هەمان شێوەی ڕستەی هەواڵ لە داڕشتنیش بەپێی بابەتەکەمان هەندێ نموونە دەهێنینەوە .

**لە کوێ دڵداری پاکی چاکی ساکار**

**دەزانێ فێڵ و مەکری پیاوی زۆردار** ( حەبیب ، ٢٠٠٨ ، ٣٣٠)

لێرەدا ستایشی کچی میر دەکات دەڵێت ئەو فێڵ و مەکری پیاوی خراپ نازانێ ، بە هۆی ئامرازی پرسیارکردنی کەی هونەری پرسیارکردنی لە جۆری پیاهەڵدان دروست کردووە.

**هەتا کەی ئەو نەبینم بە چاوان؟**

**لە سەرمن داخرابێ دەرکی باوان** (حەبیب ، ٢٠٠٨ ، ٣١٣)

مەبەست لەم دێڕە شیعرە پرسیارکردنە بۆ دەربڕینی گلەیی ، بەوەش هونەری داڕشتن لە جۆری پرسیارکردن دروست کردووە.

**سیا چاڵی کچانە کۆشکی میران**

**هەزار خۆزگە بە کاولاشی فەقیران** ( حەبیب ، ٢٠٠٨، ٣٠٨)

شاعیر کۆشکی میر بە چاڵێکی ڕەش دەچوێنێ لە ناخۆشیدا خۆزگە بە کەلاوەی هەژاران دەخوازێت . بەوەش هونەری داڕشتنی بەرهەم هێناوە لە جۆری خۆزگە.

**بەڵام دەوران دەبێ ڕۆژێ بدا سوور**

**لەبەرگەوران نەبێ پشتی خەڵك کوور** (حەبیب ، ٢٠٠٨، ٣٣٥)

دەڵێت نابێت بۆ پیاوی دەسەڵات پشت داچەمێنین (لەبەر گەوران نەبێ پشتی خەڵك کوور) هونەری نەهێشتنی لە جۆری ئامۆژگاری دروست کردووە.

**دەبوو چەتری سەری باڵی هوما با**

**نەوەك ئاوا لە ڕوو پۆشێ خزابا** (حەبیب ، ٢٠٠٨ ، ٣٠٦)

شاعیر دەڵێت دەبوایە کچی میر لە بەرزیدابایە، واتا لەو پەڕی شکۆ و گەورەییدابایە نەك لە ژووردا بەند بکرێت ، دەبێت وەك باڵندەی هوما بێت ، هوما جۆرە تەیرێکە لە ئەفسانەی فارسیدا باس کراوە کە هەموو ژیانی بە بەرزی دەفڕێت.

**ئەنجام**

١- زمانی شیعری چامەی (سووڕی دەوران) زمانێکی سادە و ڕەوانە ، ئەمەش وای کردووە خوێندنەوەی دەقە شیعرییەکان خۆش و ئاسان بن.

٢- هێمن لەم چامەیەیدا سوودی لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی وەك ( ڕوونبێژی – واتاناسی – جوانکاری) وەرگرتووە ، بە مەبەستی گەیاندنی پەیامەکەی ، کە لە چەند شێوەیەکدا بەرچاو دەکەون.

٣- بەکارهێنانی هونەرەکانی جوانکاری وشەیی وەك ( ڕەگەزدۆزی –گێڕانەوە- دووبارەکردنەوە- هێنانەوە - گەڕانەوە) ، کە شێوەیەکی جوانی بە مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکە بەخشیوە .

٤- سەروای مەسنەوی (جووت قافیە) ی بەکارهێناوە ، بەمەش شیعرەکانی جوانتر و چێژ بەخشتر کردووە .

٥- لەم توێژینەوەیەدا بۆمان دەرکەوت ، کە هێمن لە سەرتاپای چامەکەدا پەیڕەوی کێشی عەرووزی عەرەبی کردووە لە جۆری هەزەجی شەشی مەحزووف لە هەندێ دێڕدا مەقسوور ، هۆکاری بەکارهێنانی ئەم کێشەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هەزەج مۆسیقایەکی غەمگینە ناوەڕۆکی شیعرەکەش غەمگینە بۆیە بەم کێشە نووسیویەتی .

## لیستی سەرچاوەکان


- ئەحمەد، صافیە محمد (٢٠١٤) ، *شێوازی شیعرە کوردییەکان - پیریاڵ مەحمود* ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، چاپی یەکەم ، هەولێر.
- ئیسماعیل، ئەرسەلان بایز (٢٠٠٣)، *شیعری کوردی دوای ڕاپەڕین*، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی.
- بیمار، عبدالرزاق (١٩٩٢)، *کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی*، چاپخانەی دار الحریة، بغداد.
- حسێن ، جەبار ئەحمەد (٢٠٠٨)، *ئیستاتیکای دەق شیعری کوردستانی عیراق (١٩٥٠-١٩٧٠)* ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، چاپی یەکەم، سلێمانی.
- حەبیب ، وریا (٢٠٠٨) ، *دیوانی هێمن، کۆکردنەوەی وریا حەبیب* ، چاپ و پەخشی چوار چرا ، چاپی یەکەم ، سلێمانی.
- دەشتی ، عوسمان (٢٠٠٩) ، *هێمننامە* ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر.
- عەبدوڵلا، ئیدریس (٢٠١٨)، *هونەرەکانی ڕەوانبێژی کوردی - بەنموونەی وتارەکانی مامۆستا سەید ئەحمەد*، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر.
- عەبدوڵلا، ئیدریس (٢٠١٢)، *شێواز*، چاپخانەی منارە ، چاپی یەکەم ، هەولێر.
- عەلی، دڵشاد (٢٠٠٩)، *بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا*، چاپخانەی ڕەنج ، سلێمانی.
- گەردی ، عەزیز (١٩٩٩)، *سەروا - لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی بەراوردە لە شیعری کوردیدا*، دەزگای ئاراس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە ، چاپی یەکەم، هەولێر.
- گەردی ، عەزیز (١٩٩٩) *کێشی شیعری کلاسیکی کوردی* ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری - چاپی یەکەم ، هەولێر.
- گەردی ، موحسین ئەحمەد مصطفی (٢٠١٣) ، *بەهاری ڕەوانبێژی - واتاناسی - ڕوونبێژی - جوانکاری*، نارین بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە ، چاپی یەکەم، هەولێر.
- محمد ، عبدالقادر حمە ئەمین (٢٠٠٨)، *بنیاتی کارنامەیی لە دەق نوێی کوردیدا*، چاپخانەی تیشك ، چاپی یەکەم ، سلێمانی.
- مستەفا، ئیدریس عەبدوڵلا (٢٠١٢)، *جوانکاری شیعری نوێی کوردی* ، چاپخانەی هێڤی - چاپی یەکەم، هەولێر.

## الملخص

## البنية الموسيقية والبلاغية

## في قصيدة ( سووڕی ده وران ) لهيمن موكرياني

هذا بحث ( وصفي – تحليلي) بحثنا فيه الجوانب المكونة للموسيقا الشعرية ، وبيان مدى إفادة هيمن من هذه الفنون البلاغية في القصيدة ، لتوصيل رسالته بهذه الصورة الجميلة الموجودة فيه، ومن خلال الدراسة والتحليل للنصوص الشعرية الموجودة في هذه القصيدة ، توصلنا إلى نتيجة مفادها أن هيمن لديه إمكانية كبيرة وسليقة جميلة في استخدام الفنون البلاغية من (التزيين ، والبيان ، وعلم المعاني) والذي اعطى لمعاني نصوصه العمق والجمالية، وبالتالي جعل شعره اكثر قوة وخلابا بين النصوص الشعرية الأخرى .


**الكلمات الدالة :** البلاغة – البيان – القافية – التشبيه _ الموسيقى

## Abstract

## The structure of melody and rhetoric in Chamay (Suri Dawran) by (Hemni Mukryani

This research is entitled (The structure of melody and rhetoric in (Chamay Surri Dawran) by (Hemni Mukryani). It is a descriptive and analytical research in which we have focused on the musical components of the poetry. Also, we have tried to explore to what extent Hemin has used these rhetorical devices to express his message properly and well. At the end of the study, it is concluded that Hemin has had high rhetorical skills to enrich the poetic texts such as (aesthetics, Transparency and semantics) Through using these devices, he has given great artistic beauty to his poems.

**Key words**: rhetoric, Transparency, rhyme, Simile, Music